# کابینەی نوێی ئیبراهیم جەعفەری و ئەرکێکی دەست بەجێی

فەرەیدون حەمەڕەشید  سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەرهەڵبژاردنەکانی عێراق ومشتومڕێکی زۆری فراکسیۆنەجیاوازەکانی ناوکۆمەڵەی نیشتمانی عێراق بەلەبەرچاوگرتنی سیستەمی تەوافووق.
بۆڕاگرتنی هاوسەنگی گشت هێزوپێکهاتەکانی عێراق.سەرەنجام 28 ی ئەپریل, کابینەی نوێی حکومەتی عێراق بەسەرپەرشتی ئیبراهیم جعفری ڕاگەیەندرا.سەرەڕای هەرپێکهاتەوەو ئیتنیکێك لەلای خۆیەوە وای دەبینێتەوە کە کەمترین بەش ودەستکەوتی لەوکابینەدا بۆخۆی مسۆگەرکردووە.. کابینەی نوێ دەستپێکی یەکەم حکومەتی تەواوی نەتەوەو ئاین وتایفی یەمەزهەبییەکانی عێراقەلەمێژووی سیاسی دا, لە هەنووکەداسەرەڕای بەدیارنەکەوتنی ئەکتیڤی یان نا ئەکتیڤی کابینەکەی جەعفەری لەکارەکانیدا .
خەڵکی عێراق بەگشتی ئومێدیان پێ بەستۆتەوە بۆ بەرەو ژیانی دیموکراسی وپێکەوژیانی هاوبەش و یەکسان لەماف وئەرك دا.کابینەی خوولی ئینتقالی بێ لەوەی لەم سات و وەختە ناتەندروستە سیاسی یەدا لەگەڵ بەرەی تیرۆرو پاشماوەکانی بەعس وعەقلیەتی شۆڤینی گەرا .دەیەوێت ڕووبەڕوو بێت.و دۆسی یەی ئەمنی لەعێراقدا لەئەولیاتی کارەکانی دابێت.لە پاڵ ئەمەدا یەکێك لەئەرکەکانی کابینەی ئینتیقالی کەئەبێت لەئەجینداو کارەکانی هەرئێستای دابنێت تا موتمانە و پێداکوتانێکی کۆنکرێتی کابینەکە مسۆگەربکات.ئەویش ڕاسپاردنی دەست بەجێ بۆپێکهێنانی لیژنەی کاراوئەکتیڤ کەلەکورت ماوەی چەندمانگی دەورانی ئینتیقالی دا ڕاسپاردەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەبەعەرەبکراوەکان ودیمۆگرافیای کەرکوك وبرگەی 58 بەئەنجام بگەیەنن.کەمەرجی سەرەکی سەرکردایەتی سیاسی کوردبوو بۆ بەشداریکردن وچوونەناوپرۆسەی هەڵبژار دنە سەرتاسەریەکەی 30 یەنیوەری ڕابردوو..تالەدوایی ئاسایی بونەوەی ناوچەبەعەرەبکراوەکان و گێڕانەوەی هەیکەلی ئیداری کەرکوك بۆ پێش ئاسەواری تەعریب .خەڵکی ناوچەکە لەڕاپرسیەکی ئازادانەدا بڕیارلەسەر گەڕانەوەوبۆ دەسەڵاتێك بدەن .کەگرەوی شانس گەڕانەوەی کەرکوك وناوچەبەعەرەبکراوەکانە بۆسەرهەرێم وخاکی کوردستان. بۆیەئەوهزرۆتێزەی بیەوێت سیاسەتی دیماگۆگی و دەست خەڕۆی لەپراکتیزەکردنی برگەی 58 و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بکات عقلیەت وسیاسەتی سێنترالیزم لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان پیادە بکات .بێ لەوەی سیاسەتی جیهانی و هەژموونی دیمۆکراسی لەدژیەتی .. لەواتایەکی تردا لەباربردنی.بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق و ئەو ئایندەسیاسیە یە کەئومێدی سەرەتای پێکەوە ژیانی گشت ئەتنیك وپێکهاتەجیاوازەکانی ناو عێراق چاوەڕێی دەکەن .دەست جووڵانەوەوپەلەکردنی کابینەی ئیبراهیم جعفەری لە ڕاسپاردەکردنی لیژنەی بەدواداچوونی برگەی 58 وئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بەسەرکەوتووی گوێزانەوەی دەورانی ئینتیقالی یەبۆ دەورانی هەمیشەیی, نزیکبوونەوە و گەڕانەوەی هەرمافێك بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەندە سەقامگیری کابینەی حکومەت و گەرەنتی پێکەوەژیان لەعێراق دا مسۆگەر دەکات .کەخەڵکی کوردستان وبزوتنەوە ئازادیخوازیەکەی سەخترین خەبات وزۆرترین قوربانی بۆداوە ....